# راگەیاندن و هوشیاری بەکارهێنان و پاراستنی سامانە نەتەوەیی و گشتییەکان

## (تیڕاونینێکی رەخنە ئامێز لە راگەیاندنی فەڕمی و حزبی)

**محەمەدی مشیر**

Muhammad_mushir@yahoo.com

کۆمەڵگەی کوردستان نزیکەی دەیەو نیوێکە لە سەرجەم بواروکەناڵەکانی ژیانیدا بە ئەزموونێکی تایبەتدا تێدەپەڕێ و لە سەر بنەمای هەمان ئەو پێشینە فەرهەنگی و رۆشنبیرییەی پێشتر هەیبووە هەنگاوی ورد ورد بەرەو خۆناسینی پترو راستکردنەوەی بەشێکی هەڵەکانی پێشوو دەنێ و، بەنیازە لە سەرجەم بوارەکانی ژیانیدا پێ بنێتە قۆناغێکی نوێوە ، بەڵام مخابن لە گەڵێ بواردا هێشتا زۆرینە لە چوارچێوەی کۆڵەواری و بێ فەرهەنگیدا هەنگاو بەرەو ئەو قۆناغە نوێیە دەنێ و جۆرێك لە سەرلێشێواوی هزری و نزمی لە ئاستی هوشیاری تاکەکانیدا دیارە و، زۆر هێواش و سستە، ئەمەش وەك هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دوو جۆرە هۆکاری لەپشتە، یەکێکیان ئەوهۆکارە خودییانەن کە پتر پەیوەستن بە ئاست و راددەی رۆشنبیری خودی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، ئەویدیکەشیان ئەو هۆکارە بابەتییانەن کە پەیوەستن بە رەوشی رۆشنبیری و فەرهەنگی لە نێو کۆی کۆمەڵگەدا .

لێرەدا ئەوەی مەبەستە رۆڵی راگەیاندنە وەك لایەنێکی گرنگی نێو ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییە، چونکە لە لایەکیان رۆڵێکی بەرچاو وگرنگ دەبینێ لە بەرز کردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و هۆشیاری تاکەکانی توێژگەلێکی فراوانی کۆمەڵگە و فاکتەرێکی گرنگە بۆ دەربازکردنیان لە پاشماوەکانی ئەو کۆڵەوارییەی   تێیدا دەژین ئەگەر ئاڕاستەیەکی بنیاتنەری هەبێت، لە لایەکی دیکەشدا رۆڵی ڕوخێنەرو گومڕاکار دەبینێ ئەگەر لە دەرەوەی ئەم ئاڕاستەیەدا هەنگاو بنێت. کە ئەمەشیان بۆ رۆڵی تێکڕای کەناڵەکانی راگەیاندن چ حکومی چ حزبی چ ئەهلی گوتنی دروستە و لە یەکێکیانەوە بۆ ئەویتریان جیاوازییەکی هێندە گەورەی نییە.

راگەیاندن بە سەرجەم بوارەکانیەوە دەروازەیەکی کاریگەرە بۆ گەیاندنی مەعریفە و پەرەردەکردنی نەوەیەکی چاوکراوە بۆ داهاتووی هەر کۆمەڵگەیەك، بە مەرجێ سیاسەتێکی زانستیانەی بنیاتنەر پێڕەو بکرێت و راگەیاندن لە دۆخی (راگەیاندن تەنها بۆ راگەیاندن) بەرەو ئاقارێکی ئامانجدار بەرێت کە ئەویش(راگەیاندن لە پێناو پەروەردەوهوشیارکردنەوە و پێگەیاندنە)، بە گوتەیەکی دیکە راگەیاندیش  پێویستە لەم دۆخە ناسکەی کوردستاندا خودان پەیامێکی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بنیاتنەر بێ ولە پاڵ سەرجەم دەزگا پەیوەندیدارەکانی دیکەی دەوڵەتدا بەشێك لە بەرپرسیارەتی بگرێتە ئەستۆ و ئەو رۆڵە بنیاتنەرە ببینێت ، بگرە زۆر جارانیش پێویستە رێخۆشکەربێ بۆ هێنانەکایەی گۆڕانە پۆزەتیڤەکانی کۆمەڵایەتی و رۆشەنکارو دەستپێشخەربێ لە بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و هوشیاری تاکەکاندا .

خاڵێکی سەرەکی لێرەدا دێتە پێش کە پێویستە بگوترێ، ئەویش ئەوەیە کە هیچ راگەیاندنێك لە جیهاندا نییە ئامانجدار نەبێت، بەڵام مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە راگەیاندن چ جۆرە ئامانجێکی هەبێتو کۆمەڵگەی ئێمە لەم قۆناغەی گەشەکردنیدا چ جۆرە راگەیاندنێکی پێویستە تا بۆ قۆناغەکانی داهاتوو ئامادەبێت ؟؟

ئامانجەکانی راگەیاندن لە هەر کۆمەڵگەیەکدا پەیوەست و پابەندن بە ئایدیۆلۆژیاو سیاسەت و بەرژەوەندەکانی چینی باڵادەست و دەسەڵاتدار(لە نێو حزب و رێکخراوە سیاسی و کۆمەڵە رۆشنبیری و هونەری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و پیشەیی و تەنانەت بازرگانیەکانیشدا هەمان شت ئەگەرچی رێژە و سنوورەکەی بگۆڕێ بەڵام هەر دروستە)، کەواتە جۆری ئامانج و سنوور و ئاڕاستەکەشی بەگشتی لە لایەن ئەودەسەڵاتەوە دەستنیشاندەکرێ و، چییەتی ئەو دەسەڵاتەش:

1- دەستنیشانی چییەتی راگەیاندن و ئارمانجەکانی دەکات.

2  -  شێوازی کارکردنی بۆ گەیشتن بە هێنانەدی ئەو ئارمانجانە دەستنیشاندەکات .

**ئا لێرەوە بەدیار دەکەوێت کە فلانە کەناڵی تەلەفزیونی یا (س) لە ڕۆژنامەکاندا یاخود فیسارە دەزگای ڕاگەیاندن یا بەشی ڕاگەیاندنی فلانە حزب وکۆمەڵەی ڕۆشنبیری و ....تاد ، تاچ ئەندازەیەك لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەدایە و هۆشیارکەرەوە و بنیاتنەرە یا روخێنەر وگومڕاکار؟؟**

**ئەوەی ئەمڕۆ، وەك دیاردەیەکی زەق، بە شێوەیەکی گشتی لە بواری ڕاگەیاندنی کوردستانیدا بەناوی ئازادی و سەربەستی دەربڕین و بیرو ڕا لە سایەی پەراوێزی دیموکراسیدا دێتە بەرچاو ئەوەیە کە ڕاگەیاندن سەرباری ئەو هەموو ئیمکاناتە دارایی و ماددیانەی بۆی دابینکراوە لە لایەن دەزگا حکومی و حزبی و ئەهلییەکانداو، وێڕای زۆری ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤارو کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و دەزگاکانی چاپ و بلاْوکردنەوە، بە شێوەیەکی گشتی هێشتا لە ڕاست ئەو ئەرك و پەیامە کۆمەلاْیەتییەیدا کەمتەرخەمە و وەکو پێویست بەرپرسیارەتی نەگرتۆتە ئەستۆ و خودان پرۆسەیەکی ڕۆشنبیری ئاکار ڕۆشن و دیار نییە. بە بۆچوونی من دەکرێ ڕاگەیاندنی ئێستای کوردستانی (بە تایبەتیش ڕاگەیاندنی فەرمی و حکومی) بەم ئاکارانەی خوارەوە بناسرێتەوە:**

**یەکەم: تەرخانکردنی بودجەیەکی فراوان لە لایەن دەزگاکا فەرمییەکانەوە بۆ سەرجەم بوارەکانی ڕاگەیاندن بە بێ هەبوونی بە دواداچوون و لە ئاکام پرسینەوە.**

**دووەم: هەبوونی ژمارەیەکی زۆرو بۆری ڕۆژنامەو گۆڤار، کە بەشی هەرە زۆریان لە لایەن هاووڵاْتییانەوە بۆ سفرەی نان خواردن نەبێ بۆ هیچی تر بەکارنایەن، کە ئەمەش دەرەنجامێکی ڕاستەوخۆی ئەو زۆری و بێ بەرنامەیەیە و، لە هەمان کاتیشدا بە فیڕۆدانی سەرمایەکی ئێجگار بەرچاوی سامانی دارایی و ماددی ئەم وڵاتەیە و، جگە لە گەڕەلاوژەو پەرتەوازەیی هیچیتر لە زەینی خوێنەردا جێناهێڵێت.ئەگەرچی ئەم دیاردەیە زادەی ئەو ڕابردووە تاڵە بێ کەتاکی کوردستانی تێیدا سادەترین ئازادییەکانی لێ پێشێل و زەوتکرابوو، بەلاْم لە گەڵ ئەوەشدا ئەمە مانای ئەوە نییە کە بەبێ کۆنترۆڵی چۆنایەتی بێ و ڕێکنەخرێت.**

**سێیەم: بە ئاڕاستەیەك هەنگاو دەنێ کە زیاتر ئاکاری وروژێنەرو ئیستهلاکی پێوە دیارە، کە ئەمەش خوێنەرێکی سەرلێشێواو دروست دەکات لە رووی چەندایەتییەوە نەوەکوخوێنەرێکی چۆنایەتی هوشیار، هێندەی بایەخ بە ڕێکلامی بازرگانی و داهات ئامێز دەدات ئەو هێندە بایەخ بە بلاْوکردنەوەی هوشیاری و ڕۆشنبیری چۆنیەتی پاراستن و بە کارهێنانی سامانە گشتی و نەتەوەییەکان نادات، ئەگەرچی بایەخدان بەرێکلامی بازرگانی مافێکی تایبەت وخەسڵەتێکی بنەڕەتی بازاڕی ئازاد بێت.**

**چوارەم: لە بەشی هەرە زۆری ڕۆژنامەو تەلەفزیۆن و کەناڵە ئاسمانییەکان و کۆڤارەکان و ڕادیۆکان و...تاد، هەست بە نەبوونی پلانێکی زانستیانەی ڕۆشنبیری بیاتنەردەکەیت لە پشتەوەی کارەکانیانداو، بە شێکی زۆری بەرنامەکانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆکان لاساییکەرەوە و سواوەن و لە جیاتی بەرهەمهێنانی مەعریفە، مەعریفە رووکار دەکەن و دەیسوێنن و وەك هەر کالاْیەکی دیکەی بازاڕی ئازاد مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، کە ئەمەش بێگومان بەرەنجام و ئایندەی خراپی لێچاوەڕوان دەکرێت.**

**ئەمانەی سەرەوە هەندێ ئاکاربوون کە چاوی من وایان دەخوێنێتەوە، هیوادارم بە هەڵەدا نەچووبم. بۆ پشتیوانی لەم بۆچوونەشدا هەندێ نموونەی تایبەت بە ڕۆڵی هەردوو ڕاگەیاندنی فەرمی و حزبی لە خوارەوە دەخەمەڕوو.**

**هەروەك ئاشکرایە ساڵانێکی زۆرە هاووڵاْتییانی کوردستان، وێڕای کۆمەڵێ کێشەی دیکە، بەدەست دوو ئاستەنگی گەورەوە دەناڵێنن، کە ئەوانیش هەردوو ئاستەنگی کەمی کارەبا و سووتەمەنین، باشە لێرەدا ڕاگەیاندن، بە تایبەتیش ڕاگەیاندنی فەرمی و حزبی، تا ئێستا چ ڕۆڵێکیان هەبووە لە هوشیارکردنەوە و ڕێنماییکردنی هاووڵاْتییان سەبارەت بە چۆنییەتی بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لەم دوو پێداویستییە گرنگە و، ئایا ڕاگەیاندنی فەرمی هیچ بودجەیەکی بۆ ئەنجامدانی بەرنامەیەکی لەم جۆرە تەرخانکردووە؟؟ ئەگەر گەندەڵی نەبێ و پلان لە کارکردندا هەبێت، بە بۆچوونی من ئەو بڕە سووتەمەنی و کارەبایەی دەگاتە کوردستان دەکرێ بە باشترین شێوە سوود بە هاووڵاْتیان بگەیەنێ و ڕاگەیاندنیش لەم بوادا دەتوانێ ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێ بەوەی بەرچاوی هاووڵاْتییان ڕۆشەن بکاتەوە بە چۆنییەتی بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لەم دوو پێداویستییە و ڕۆشنکردنەوەی ڕۆڵی ئەوان لەم کێشەیەدا، کە ئەمەش دەکرێ لە ڕێگای بەرنامەکانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆوە ئەنجام بدرێ تا دەگاتە بلاْوکردنەوەی پۆستەر و**

تابلۆكانی ڕێنماییی لە شوێنە گشتییەكان وتەرخانكردنی گۆشەیەكی بچووكی ڕۆژنامەو گۆڤارەكان بۆ پۆستەری تایبەت و بڵاوكردنەوەی ڕێنماییەكانی پێویست لەمبارەیەوە. ڕۆڵی ڕاگەیاندنە(بە تایبەتیش كەناڵەكانی تەلەفزیون) كە لە تەك ئەو ڕێكلامە بازرگانیانەی ڕۆژانە كاتێكی زۆر داگیردەكەن، وەك ئەركێكی كۆمەڵایەتی، بەردەوام ئەم پەیامە بگەیەنێتە خەڵك، تەنانەت بە لایەنە فەرمییەكانیشی ڕابگەیەنێ كە لە جیاتی چراخانكردن و بە سپلیت كردنی تەلار و ئەپارتمانەكانی شار و باڵاخانە فەرمییەكانی پەرلەمان و43 وەزارەت لە كاتژمێر 8ی بەیانییەوە تا 2 و نیوی نیوەڕۆ، فەرموون سوود لە بەكارهێنانی تەكنۆلۆژیای ئەلیكترۆنی تایبەت بە كەمكردنەوە و كۆنترۆڵكردنی مەسرەف وەربگرن لە ڕووناككردەوەدا و، لامپەكانی ڕاڕەو و باڵاخانە گشتییەكانی نێو شار و كۆشك و تەلارەكانتان كەمبكەنەوە و تەنها لە كاتی پێویست بەكاریبهێنن، كە بەمەش بڕێكی زۆری ئەو كارەبایە پاشەكەوت دەكرێ و بەشە كارەبای هاووڵاتییانیش پتردەبێ لەم بێكارەباییەدا.ئەركی ڕاگەیاندنە بە جەختكردنەوەی بەردەوام لە سەر لایەنە پەیوەندیدارەكان كۆمەڵگە بەرەو قۆناغێكی ڕۆشنبیری باشتر بگوازێتەوە و خەڵك فێرە شێوازی دروستی سوود وەرگرتن لە سامانە گشتی و نەتەوەییەكان بكات. ئەركی ڕاگەیاندنە وەك چۆن بایەخ بە(حەفازەی جان بێ بی) و (برنجی خەزان) و(مریشكی شیمال) و(نیو سیتی) و(نازەمۆڵ) و(چای لیمۆ) و(مریشكی منارە) و(ناز سیتی) و (بازاڕی نیشتمان) و...، دەدات، ئاواش بە بەرپرسانی بڵێت كە ڕەنگە لەبەر كەمی و ناعەدالەتی لە بەشی كارەباداو لاوازی لە فەرهەنكی بەكارهێناندا هاووڵاتییان پەنا بەرنە بەركارەبای قاچاغ و داگیرساندنی زۆربەی لامپەكانیان. ئەركی ڕاگەیاندنە هەروەك چۆن  بە خانمانی بەرێزی ڕادەگەیەنێت كە(مریشكی شیمال لێنانی ئاسانە و میوانی سفرەی هەموو ماڵێكە)، ئاواش پێیان بڵێت ئەی ئەوەی سفرەی نەبوو ئەو میوانە چۆن ڕابگرێت؟! ئەركی ڕاگەیاندنە هەروەك چۆن بە سەرمایەداران و جەماوەری ڕادەگەیەنێت كە(شۆڤرلێت، ئۆتۆمۆبێلی دوێنێ .. ئەمڕۆ.. سبەیە)، ئاواش پێیان ڕابگەیەنێت كە كوردستان بووە بە گۆڕستانی ئۆتۆمۆبێلە سواوەكانی ئەوروپاو ژمارەی زۆری ئۆتۆمۆبێلەكان خەریكە شارمان پێ چۆڵبكات.  ئەركی ڕاگەیاندنە هەروەك چۆن هاووڵاتییانی نەدارو سەرمایەدار وەكو یەك  بەرەو بەكاربردنی زۆرتر(استهلاك) هاندەدات ، ئاواش  پێیان بڵێت كە بە هەدەر نەدانی ئاو و پاك ڕاگرتنی شوێنە گشتییەكانی شارو كەمكردنەوەی مەسرەفی بێجێی كارەباو سووتەمەنی و زۆر شتی دیكە ئارامی ئەمڕۆ و ئایندەی وڵاتی پێوەبەندە. ئەركی ڕاگەیاندنە هەروەك چۆن شوققەی ڕاخراوی گران بەها بە هاووڵاتییانی نەدارو كەم دەرامەت و كرێچی نیشاندەدات، ئاواش جەخت لە سەر لایەنە پەیوەندیدارەكان بكاتەوە كە ئەو هەزاران شوققەیەی خەریكە تەواودەبێ دادپەروەرانە بە سەر خەڵكی شایستە دابەشبكرێ.ئەركی ڕاگەیاندنەو، دوا ئەركیشی نییە، هەروەك چۆن پڕوپاگەندە بۆ كەلوپەلی هەمەڕەنگ و گرانبەهای بیانی دەكات  ئاواش بایەخ بە كاڵا نیشتمانییەكان بداو بە بەرپرسانی وڵاتی ڕابگەیەنێ  كە سنوورێك بۆ گرانی لە ڕادەبەدەری بازاڕدابنێن و ئەم ئاژاوەیەی بەرزبوونەوەی بەردەوامی نرخەكان كۆنترۆڵبكەن !!


www.dengekan.com